بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:10 19-9-2007

## پیویستیمان بە وەزیرێکی هەمیشە پارتیزانە ... پەیامی ڕەش و ڕووتێک بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ

بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ من بۆ خۆم دوانزە ساڵ بووم کاتی شەوێکی هاوین لەسەربانی ماڵەکەمانەوە تاکو نزیکەی بەیانی تەماشای پریشکەی ئاگرو گوللەی گڕداری تفەنگ و ئاربیجی شەڕێکی دەستەوئێخەمان دەکرد لەوبەر گوندەکەمانەوە لە ژاڵەی سەفەر، ووردەکاری شەڕەکەمان نەدەزانی بەڵام دەمانزانی ئەوە داستانێکی تری خوێناوی پێشمەرگە گەرمیانییەکانی یەکێتییە کە شەوی تاریان لەداگیرکاران کردۆتە ڕۆژی ڕوناك.. زۆر بەتەوسەوە چاوەڕێی هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگە و شکستی سەربازەکانی ڕژێم و جاشە خۆفرۆشەکانمان دەکرد، دەمەو بەیانی پۆلی پێشمەرگەی تەپ و تۆزاوی پاتە دڕاوی جەستە ماندووی وورە پۆڵاین خۆیانکرد بە گوندەکەماندا چەند پێشمەرگەیەکی زاماریان پێبوو.. بیرمە باوکم و زۆر لە خەڵکی دێکە مەتارە دۆ و ئاو نان و ماستیان بۆبردن کە باوکم هاتەوە هەموو گیانی پێکەنینی لی دەباری دایکم هەواڵی لی پرسی باوکم ووتی ئەوە کاك عوسمانی کوڕ حاجی مەحموود و کاك کوردۆ قاسم و ئەوانن شوکور بۆ خوا ێژن گورزی خاسمان لە جاش و حکومەت داوە و شوکور تەنها دوو زاماریان داوە و دەستکەوتی فرە خاسیشیان لەتەك خۆیان هاوردووە..

ئەو کاك عوسمانەی ئەو ڕۆژە پڕ سەروەرییە سوپاس بۆ خوا ئیستا وەزیری ناوخۆیە لە حکومەتێکی خۆماڵی کوریدا.. لەم بەسەرهاتە ڕاستەقینەیەشەوە کەبەچاوی خۆم بینیومە حەزم کرد دەست بەنووسینی بابەتەکەم بکەم تاکو وەبیری کاك عوسمان بێنمەوە ڕۆژانی سەختی خەبات و نەهامەتی کەهەم خۆیان و هەم ئێمەی پاڵپشتیان ڕەش و ڕووت بووین بی کەس و بی دەر بووین.. ئەو داستانەی ئەو شەوە و سەدان داستانی خوێناوی تری پێشمەرگە قارەمانەکان هەر لە پێناو خەڵکی ستەمدیدە و ڕەش و ڕووتدا بووە، ئیستا بەداخەوە بەوێنەی جاران ئێمەی ڕەش و ڕووت هەر تیکە و پاروی دەمی چاوچنۆك و بازرگانە بێویژدانەکانین و خوێنمان دەمژری.... برای بەڕێزمان کاك عوسمان وەك بیستومانە لەوانەی لەهەندەران دێنەوە زۆر جار لەوی میری بۆ خۆی و لەسەر حسابی خۆی مۆڵەتی شۆفێری بۆ هاوڵاتییە بی کارەکان دەردەهێنێت، کەچی بەداخەوە لێرە ئیستا دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری بۆتە چیرۆکێکی پڕ چەرمەسەری کێشانەوەی پارە لە هاوڵاتیان لەسیستەمێکی پڕ کەم و کوورتی و کەلێن و بێسەروبەریدا، ئەوسا پارەیەکی کەمی تێدەچوو ئیستا مووچەی چەند مانگێکی دەبی بۆ تەرخان بکەیت و سالی کەمتر یان زیاتر بێگومان دەبی چاوەنوارِ بیت.. نوسینگەکان بوونەتە بازرگانێکی ئاشکرا بۆ چەوسانەوەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە مۆڵەتی شۆفێرییە.. بەناو دەڵێن ئێمە پێشەکی چل هەزارتان لی وەردەگرین بەڵام خوا لەئاسماندا و ئێمە لە زەمیندا شاهیدین کەئەمە ڕاست نیە.. ئەگەر 205 هەزاردیناریان بەنەقدی نەدەیتی هەزار و یەك بەهانەت پی دەگرن و ناوەکەت نانێرن بۆ بەشی مۆڵەت تاکو سەرەکەت بێتەوە.. خۆ ئێمەش حەزدەکەین وەك ئەوروپا و ووڵاتە پێشکەوتوەکان سیستەمی مۆڵەتی هاوچەرخ پیادە بکەین بەڵام ئەم سیستەمەی ئیستا تەنها لە پارە کێشانەوەدا هاوچەرخە و هیچی تر، ئێمەی ڕەش و ڕووت خاوەن ماڵو منداڵین لەوەتی لەبیرمە هەر بەدبەخت و ئاوارە و بی کەس و دەر بووین، ئیستا بۆچی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتێکی شۆفێریمان پی ڕەوا نابینی وەکو عالەم بیکەینە باخەڵمانەوە؟؟ئەویش لای زۆرمان بۆتە خەیاڵ و خەونی پێوە دەبینین.. ئەمە ستەم و ناڕەوایيە جەنابی وەزیری ناوخۆ، ئەوانەی زەنگینن بە چەند هەفتەیەك مۆڵەتەکەیان تەواو دەبی ئەوانەشی وەکو ئێمە لات و بەدبەختن خۆری هاوین سووتاندینی و سەرمای زستانی چاوەنواڕی تەزاندینی.. من نازانم بۆچی هەڵوێستێك لە گەندەڵی ئەم نووسینگانە وەرناگیری بۆچی ئەمیش بوو بە مقاولات و سەرچاوەی پارە کێشانەوە.. خاوەن نووسینگەکان لەسایەیی ئێمەی ڕەش و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕووتدا ملیونەها دیناریان خەرکردەوە بەرامبەر بەهیچ خزمەتی، بەداخەوە من زۆر کەس دەناسم لە قەهردا چوون بۆ هەولێر مۆڵەت دەربکەن.. خۆزگە جەنابتان باوەڕتان پی دەکردین کە سیستەمی نووسینگەکان سیستەمێکی گێڕ و سەقەتە بۆ گیان ئێمەی ڕەش و ڕووتە و هیچی تر.. من داواکارم لە بەڕێزتان کە لیژنەیەکی پسپۆڕ دروستبکەن بۆ چاوپێداخشانەوەی ئەم سیستەمە بەڵام دوور لە بەرپرسی مۆڵەتەکان لەهاتوچۆ چونکە ئەوان کەسوودمەندن لەم سیستەمە دڵنیابە گەندەڵی نووسینگەکان وەك خۆی باس ناکەن و پەیوەندیان هێندە باشە لەگەڵ نووسینگەکەکان کە دەبن بە پارێزەریان چونکە بەنەمانی نووسینگە یان دەسەڵات کەمکردنەوەی هەردوولا نان براو دەبن، خۆزگە و خۆزگە بەرۆحیانەتە بێخەوشەکەی ڕابردووی پارتیزانی و پێشمەرگایەتی بەدەنگ ئێمەی ڕەش و ڕووتەوە دەهاتن کەهەموو دەسەڵاتمان سکاڵا و هانا بۆ بەر قاپی بەڕێزتان بەو ئومێدەی دەست نەنێنن بەڕوومانەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.